# بابا تاهیری( دین یار)و( یاری نادیار)

*هاشم عاسی کاکەیی*

بابا تاهیری هەمەدانی ، یاخود لوڕی ، یان عوریان ، یەكێكە لەوزاتە پایەبەرزانەی گرۆی(دین یار - یارسان)ی ئـەهلی هەقی كاكەیی ، چەشنی باباخۆشین و باباناوزی سەرگەتی و چەندین زاتـی دیكـەی كـوردان كـە ناوەكانیـان بـە (بابـا ، بـاوە - پـیر)دەسـتپێدەكات وەك هێماو دروشمێكی پیرۆزیـی لـە كوردسـتاندا . زۆر كـەس لـەم نازنـاوەی (بابـا - بـاوە)ی كۆڵیوەتەوە ، كەواتا و واژەیـەكی كوردانەیـەو بـۆ پیـاوانی ئـایینی كـە خەلیفـەی خـودان لەسـەر زەوی - بـەكارهێنراوە چەشنی وشەكانی خواجەو پیرو سەرگەورەی تایەفەو رێبەرو( سان - سوڵتان و پادشا ، شاهـ ، مەولا).

مامۆسـتا توفیـق وەهـبی سـەبارەت بـە بڵاوبوونـەوەی بیروبـاوەڕی باتنییـەكان لـە كوردسـتاندا و دەركەوتنی(شاخۆشین)دەڵێ : لەسەردەمی خۆیدا بە (بابا خۆشین)دەناسـراو خـاوەنی بیروباوەڕەكـانی باتنییـەكان لـەم ناوچانەی كوردستاندا نیشانەی سەرۆكەكانیان بە(بابا)یاخود(پیر)دەناسران .. )) (1)

مامۆستا جـەمیل رۆژبـەیانی وتوویـەتی : بابـا لـەزمانی كوردیـدا واتـای بـاپیرە دێـت و بەرامبـەری وشـەی(پیر)بـەكار هێنراوە وەك نازناوی پیاوە روحییەكان وێنـەی (پاپـا)ی لای گـاوران و پاشـان هاتووەتـە كوردسـتان وەك نازناوێـك لـە دوای دەسـت بەسـەرا گـرتنی سـەلجووقییەكان بەسـەر ئێـران و كوردسـتان و عێراقـدا ، یەكـەم كەسـێ ئـەم نازنـاوەی پێدرابێ(بابا تاهیری عوریانی هەمـەدانی)یـەو ، لەلایـەن سـوڵتان تـوغروڵ سـەلجووقی لـەكاتی چاوپێكەوتنیدا ، پـاش ئەویش ئەم نازناوە بووە میراتی باوكە روحییەكانی كوردستان بە تایبـەتی شـێخانی كاكـەییان لـە وێنـەی (بابـا عـەلی هەمەدانی و بابا یادگار ، بابا ئەردەڵان ، باوەشاسوار ، باوە قەتاڵ ، باوە پـلاوی ، بـاوە مـەحمی ، بابـان ) بـەلام وشـەی پیر ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەكۆنەكانی (پیرموغان) ئەمەیش كورتكراوەی وشەی (پدەر)ی بەرامبەر وشـەی( بابـا)یـە ، پێشتر دراوەتە پاڵ كەسانی وەك (پیرەمەگروون ، پیرمەسویر، پیر میكایل ، پیریادی , پیر پیران )و ئەمجا دراوەتە پـاڵ شێخانی قادری وەك (پیر گەیلانی ، پیر ولیانی ، پیر حەیاتی )) (2)

بابـا تـاهیری عوریـانی هەمـەدانی ، نـاوی تـاهیر بـوە ، نازنـاوی(بابـا)ی پێـدراوە لەبەرئـەوەی یـەكێك بـووە لـە یـارانی شاخۆشین لوڕسـتانی یارسان و پلەوپایەیـەكی بـەرزی هـەبووە لـەو ئایینـە خواناسییەدا كـە بنـەڕەتی ئـایینی یارسان لەسەر پایەكانی دەرویشی و سۆفیزم دامەزراوە ، چونكە لەم ئایینەدا مـەولا خـۆی بـەشـای دەروێـشان نـاو زەد كـراوە ، بۆیە ئەوانەی نەشارەزای ئایینی یارسانن ئەڵێن لەم ئاینەدا سۆفیگەری و دەروێشی نییـە كەچـی ئەوانـە ئـەو هـەموو زاراوانەی سۆفیزمیان لە بیر خۆیان بردوەتەوە كە (پیرو بابا و مەولای دەروێشان و ، مورید )و چەندین زاراوەی تری تێدایە هەر لەم ئایینەدا دەبێ مرۆڤ خۆی داماڵێ لە هەموو عەیب و عارێك ، دەست لە ماڵی دونیا هەڵگرێ نـەژی بـۆ ماڵی جیفەی دونیا ، بۆیە پێویست بووە لەسـەر هـەرتاكێكی ئـەم ئاینـە وەكو دەروێـشێكی راسـتەقینەی خواپەرست روو بكاتە خواو هەمیشە ئەوەی لەیاد بێ و وێردی سەرزمانی بێ و دەبێ خۆی داماڵی لە (لەشی – مەڵبەندی وەتـەن )ی لەبەرئـەوە دەبیـنین بابـا تـاهیر نـاوی (عوریـان) بووەتـە ناسنامەی واتـە رووت و قـووت و دەس لـە مـاڵ وژن و خۆشیەكانی ژیان داماڵراو . چونكە ئەو خۆی ناسیوەتەوە كە پێشتر ئەو گیانێك بووە لـە بارەگای یەزدانـەوە نزیـك ، كەچی ئێستای واگێرۆدەی دامەو دانی ئەم دونیایە كراوەتەوە ، بۆیە وتوویەتی :

"مو ئان بەحروم كە دەر زەرف ئامەدەستوم

مو ئان نوقته کەدەر حەرف ئامەدە ستوم

بەهەر ئەلفی ئەلف قەددی بەر ئایو

ئەلف قەددوم که دەر ئەلف ئامەدەستوم "

دکتۆر مارف خەزنەدار بەلای منەوە لە هەموو لێکۆڵەران لە چوارینەکانی باباتاهیر زیاتر لە کەسانی دی شارەزایە لە بیرو بۆچوونی باباو ئەم چوارینەی بەم جۆرە شی کردووەتەوە :

(( بەلای ئێمەوە ئەم دوو بەیتە نهێنی و موعەممایێکی زۆری تێدایە و ئەستووری فەلسەفەی بابا تاهیر دەخاتە ڕوو لەبارەی یەکێتی بوونەوە ، ئێمە وابۆ لێکدانەوەی ئەم دوو بەیتە دەچین :

شاعیر دەڵێ من ئەو زەریایەم کە لە قاپێکی بچووکدا خۆم دەنوێنم ، من لە هەموو(بوون)پێکهاتووم ، بەڵام لە قاڵبی کەسێك دیارکەوتووم ، وەکو چۆن قاپێك ئاو یا دڵۆپە ئاوێك نموونەی زەریاێکە . من ئەو نوختەیەم کە لە حەرفەوە هاتووم ، حەرف بەرامبەر بە زەریا و نوختەش بەرامبەر بە قاپەکەیە ، هەروەها مەبەستی لە حەرف مانای (بسم الله )ە ، بەم جۆرە ئەگەر نوختەیەك بێ لە (بسم الله) دەبێتە بەشێك لە خودا . لە هەر ئەلفێك پەیکەرو قەدوقامەتی وەك ئەلف پەیدا دەبێ ، مەبەس لە ئەلفی یەکەم تیپی(ا) یەکە رەمزی (1)تاکە یەکێکە واتە خودا ، ئەلفی دووەم قەدوقامەت و وجودی خۆیەتی کە ئەویش لە وێنەی (1)دایە ، لەم رستەیەدا شاعیر دەیەوێ بڵێ خۆی بەشێکە لە خودا . قەدو قامەتم کەوەکو ئەلف(ا)وایە ، لە ئەلفی (خودا)وە هاتووم . هەرچۆنێك بێ بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان بابا تاهیر لە ماوەی نێوان نیوەی دووەمی سەدەی دەیەم و نیوەی یەکەمی سەدەی یازدەمی مەسیحی ژیاوە ، لەدایکبوون و کۆچی دووایی بە ساڵانی( 326 هـ /937 م - 401 هـ /1010 م ) دیاریکراوە )) (3) .

شێخ محەممەدی خاڵ ئەڵێ : ((زانای بەناوبانگ رەشید یاسمی لێکۆڵینەوەیەکی زۆر جوانی هەیە بۆ دۆزینەوەی ساڵی لەدایك بوونی بابا تاهیر ، دەڵێ ئەم چوونی توغرول پاشایە بۆ هەمەدان دەبێ لە ساڵی 447 تا 450 هـ دا بووبێ ، چونکە وتەی (پیر) لە عیبارەتەکەی(راحة الصدر) دا با بە مەعنا پیری بە ساڵاچوشا نەبێ ، بەڵکو بە مەعنا پیری دەستگیربێ ، بەڵام لە شێوەی قسە و گفتوگۆکەی بابا تاهیر لەگەڵ پاشایەکی وەك توغرول بەگا و پێشکەوتنی لە هەردوو هاورێکانی خۆی لە قسەکردنا ، دەردەکەوێ کەتەمەنی بابا تاهیر لەو رۆژەدا لە پەنجا ساڵ کەمتر نەبووە ، ئەگەر زیاتر نەبووبێ ، ئینجا بەم پێیە دەبێ بابا تاهیر لە ئاخرو ئۆخری سەدەی چوارەما لە دایکبوبێ )) (4) .

هەروەها شێخ محەممەدی خاڵ نووسیویە((بابا تاهیر لە چوارینەکەی(( الف قدم کەدەرالف امدستم )) خۆی بە یەکێك لەو پیاوە گەورانە داناوە کە لەسەری هەموو هەزار ساڵێکا خوا یەکێکیان دەنێرێ ، دیارە کەسەرەتای ئەم حیسابی هەزار ساڵە نابێ بە مێژووی کۆچی بێ ، بەڵکو دەبێ بە مێژووی زاینی بێ بەحیسابێکی کورت دەردەکەوێ کە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 1000ی زاینی لەگەڵ سەرەتای موحەڕەمی 391ی کۆچی یەك دەگرنەوە ، بەم پێیە لە دایکبوونی بابا تاهیر لە ساڵی هەزاری زایینی و لە ساڵی 390ی کۆچیدا بووەو لەم مێژووەوە تا چوونی توغرول بەگ بۆ هەمەدان (1055 – 1058)پەنجاوپێنج یا پەنجاو هەشت ساڵ دەبێ کە ئەم قسەیە لەگەڵ قسەکەی میستەر براون یەك دەگرێتەوە .)) (5)

بابا تاهیر وەك ئێمە پێی بزانین یەك تاقە خوشکێکی بووە بە ناوی (فاتمە) ، بەڵام چەند نووسەرێك لە خۆمان و بێگانە ئەو خانمەیان بە دەزگیرانی ئەو خستووەنەتە پێش چاوی خوێنەران کە ئەمەش هەڵەیەکی زۆر گەورەیە . مسیو(کلیمانت هوار)لەسەرەتای نامیلکەیەکدا وتوویەتی کە لە دەسنووسێکی حەمدوڵلای مستەوفی قەزوینی بە ناوی(نەزهەتولقولوب)کە لە ساڵی 754 هـ – 1349 م کۆچی دوایی کردووە ، چەند دێڕێکم دەربارەی بابا تاهیر خوێندەوە کە دەڵێ : باباو بیبی فاتمەی خوشکی لە هەموو ئێراندا بە دوو مرۆڤی خواناس دەناسرێن (6)

(گۆبینیۆ ) لە لاپەڕە(344)ی کتێبەکەیدا Trois ans en Asie ,Paris. 1851 ئاگاداری ئەوە بووە کە سەربەرێبازی ئەهلی هەق لەو بڕوایەدان کە ((شیعری سۆفییە بە ناوبانگەکان و بە تایبەتی ئەوانەی شیعریان بە

شێوەی لوڕی نووسراوەتەوە ، بابا تاهیر و بیبی فاتمەی خوشکی ... تاد ، ئەوانەی وابە شێوەیەکی سەرسا لاسایی یەکجار پەسەند بکەن و ناویان بەرز بکەنەوە )). دۆزینەوەی(سەرەنجام)ی کتێبی ڕێبازی ئەهلی هەق ، ئەو جێگەیەی بابا تاهیر لە بیروباوەڕی ئەم ڕێبازەدا بە شێوەیەکی سەلمێنراو خستووتە سنووری تواناوە ، ئەهلی هەق ، بڕوایان بە حەوت دیاردەی ( شێوە – یان دۆنای دۆن)ی خودایەتی هەیە (7).

دکتۆر مارف ئەڵێ : ((ناوەڕۆکی دوو بەیتەکانی بابا تاهیر پێوەندییێکی توندیان لەگەڵ ئایینی یارسان هەیە . راستە ئاییبی یارسان خۆی بە کۆنترین ئایین دەژمێرێ ، لەو ڕۆژەی کردگار خۆی لە ئادەم یا کیومەرسدا نواند ئەم ئایینە لە ناوەوەیە ، بەڵام هیچ نەبێ لە دەوری پاش بڵاوبوونەوەی ئیسلام بە شێوەی ڕێبازێکی سۆفیزم خۆی پیشاندەدا ، بە تایبەتی کە عەلی کوڕی ئەبوو تالیب یەکەمین خودای یارسانی دەوری ئیسلامە و گیانی کردگار چۆتە لەشیەوە . بنچینەی لەسەر دۆنای دۆن(تناسخ الارواح والتقمص والحلول )دامەزراوە . فەلسەفەی ئەفلاتوونی پرتەوی(ئیشراقی ) و زەردەشتی و مانەوی و هیندۆکی و عیرفانی مەسیحی سەدەی دووەم و شیعەی باتنی و موعتەزیلە و سۆفیزمی وەرگرتووە . بابا تاهیر لە سەدەی باو بوونی سۆفیزم لە سەدەکانی 7 – 9 مەسیحی باو بوو )کە دڵداری بەرامبەر بەخودا لە ناوەوە بوو . ئەمە چووە ناو زمانەکانی ئێرانییەوە لە ناو دوو بەیتەکانی بابا تاهیردا دەتوانین هەست بە لیریکی دڵداری ناسك بکەین بەڵام تێکەڵ بە سرووودی توانەوە لە ناو خودادا )) (8) .

هەرچۆنێك بێت فەلسەفەکانی بابا تاهیر تەنیا لە نێو بیروباوەڕەکانی یارسانەوە سەرچاوە دەگرن و هیچ پەیوەندییەکیان بەسەر ئایین و گەلانی دیکەوە نییەو نەبووە بە تایبەتیش فەلسەفەی سۆفیزمییەکانی ئەو لە کاتێکدا ئەگەر بێت دان بەو راستیەدا بنەین کە خواپەرستی خەڵوەتی و بیرکردنەوە لە خوداو گۆشەگیری دەکەوێتە پێش سەرهەڵدان ئایینەکانی فەلەو جوو ، موسڵمان . بۆیە هەروەکو د. مارف وتوویەتی :( ئیتر نابێ بیر لە شیعرەکانی بابا تاهیر بکرێتەوە بەبێ ئەوەی رەچاوی ئاییبی یارسان بکرێ و پێویستە ئەو ئایینەش – هیچ نەبێ لە رووی داهێنانی ئەدەبی کوردییەوە – بە چاویلکەی سۆفیزمی کلاسیکیی تیۆریی ئیسلامی کە بەشێکە لە سۆفیزمی کۆزمۆسی تەماشا بکرێ ، ئەگەرچی لە رووی پراکتیکەوە بابا تاهیر خۆی وەکو دەروێشێکی ئەو سەردەمە دەنوێنێ))(9)

د. سدیق بۆرەکەیی نووسیویە : (( دکتۆر سەعید خانی کوردستانی لە گۆڤاری جیهانی ئیسلامی لە لاپەڕەی چلدا ئەڵێ : بابا تاهیر چەند هۆنراوێکی بە زاراوەی (گۆرانی)پەتی داناوە و ئەم هۆنراوانەی لەلای گۆرانەکاندا باوەو دەماودەم ئەیگێڕنەوە ، بابا تاهیر ئەو هۆنراوانەی ناردووە بۆ یارییەکان – یارسان بۆ ئەوە لە بیڕوباوەڕی یەك بگەن و ئەوانیش بخاتە سەر ئەو ڕێگایە کە خۆی لەسەری بووە . جا هەندێ لەو هۆنراوانە لە پەڕتووکی (سەرئەنجام)دا ماوەو لەگەڵ ئەو دوو بەیتییانەی کە لە پەڕتووکخانەی قوونیە دۆزراوەتەوە یەك ئەگرنەوەو بەتەواوی لەسەر زاراوەی لوڕی ڕۆیشتوون )) (10)

لەراستیدا ئەوەی دکتۆر سەعید خان وتوویەتی بەو جۆرە نییە بەڵکو دەبێ قسەکانی راست بکرێتەوە کە ئاییبی یارسان لە دەورەی شاخۆشین یەکێك لەو زاتە گەورانەی بابا تاهیر بووە لە گەڵ بابا فەقێ – با فەقێ ، ( فاتمە لورە – لەرە)و باسی ئەو چۆنیەتی زهور بوونەی خۆیان دەکەن لەو دەمەی لوڕستان کە بە دەورەی شاخۆشین دەناسرێ ، ئەو سرودانەش بۆ کەسانێك لە خەڵکی (گۆران) و (لوڕەکان)وتراوون کە پەیوەستی ئاییبی یارسان بوونەو کە شاخۆشین بە دەرکەوتنی مژدەی پی داون ، سرودەکانی ئەو دەورەیە بەسەرنجامی شاخۆشین دەناسرێن و لەسەردەمی سوڵتان سەهاك جارێکی تر زیندو کراونەتەوە لە هەورامان . ئەو زمانەی بابا تاهیر پێی دواوە تا رادەیەك لوڕییە بەڵام ئەوەی راستی بێ لە دیالیکتی گۆرانەکانەوە زۆر نزیکە . دەبێ ئەوەیش بزانیین سرودە ئاینییەکانی بابا تاهیر تاڕادەیەکی زۆر دەستکاری کراون لە لایەن ئێرانیەکانەوە ، هەر جارەی چەند وشەیەکی کوردی لێکراوەتە فارسی . کە رەنگ و بۆی زمانی فارسی لە خۆبگرێت بەم جۆرە ئامێتە بووە بە (ئامێختە)و

(تاو)كراوه به (تاب) و(ته) كراوه به (تو)و(رێژه)كراوه به(ریزد)و(شەو)بووەتە(شەب)و(كرن)بووەتە(كنند)و(موو)بووەتە(من)و (مەكە)كراوەتە(مكن)و(وتم)كراوەبە(گوێم)و(وێنەم)كراوەتە(بینەم) خۆ وشەكوردییەكان بەئاشكرا دیارن فارس لێیان تێناگات بۆیە هەستاون بە لێكۆڵینەوەی لەو وشانە بۆ نموونە (ئیمبون)لە بری (ایمان)و(بارون)لە بری (باران)و(بیابوون)لە بری (بیابان)و(تە)لە بری (تۆ)و(دەرموون)لەبری(دەرمان)و(دێر)لەبری(دوور) و (نوم)لە بری(نام) و (نوومە) لە بری (نامە). بەراستی زمانی شیعرە ئایینییەكانی بابا تارادەیەكی زۆر شێوێندراوە لە دەقی خۆیاندا نەماونەتەوە بەڵام دەتوانین بڵێین زمانی شیعرەكانی تا ئاستێك زۆر نزیكە لە زمانی گۆرانەكانەوە وەكوو( می – كاروو) بە واتای (دەكات) ، (ئایوو = دێت ) .

ئایینی( یارسان)ی ئەهلی هەق لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەكانی پەیدا بوونی بەدرێژایی تەمەنی خۆی هەرجارەی بە ناوێك خۆی زیندوو كردوەتەوە ، ئەز لە گۆڤاری كاروان ژمارەكانی (60 – 61 ) ساڵی 1987 – 1988 بەدرێژایی لەمەڕ ئەم ناوانە دواوم بۆیە دەبینی ناوی بنەرەتی دین یارە لە بنەرەتی یەكەمداو پاشان ئەهلی هەق و پاشان یارسان و ئینجا بووەتە كاكەیی لە بەرزنجەو هەورامانـدا ، ئەوانەی لێكۆڵینەوەیەكی وردی كتێبە پیرۆزەكانی ئەم ئایینەی نەكردبێ و شارەزاو یەكێك نەبێ سەر بەو ئایینە ناتوانێ بچێتە بنج وبناوانی بنەماكانی ئاینەكە و فەلسەفە قوڵەكانییەوە چونكە سەرەتا ئەم ئایینە لە بنارەكانی چیاكانی زاگرۆسی كوردستانەوە سەری هەڵداوە و ئاینێكی كۆن و رەسەنی كوردان بووە و رەنگ هەیە ئیسلام مەسیحی و زەردەشتی كاری تێكردبێ بە گوێرەی قۆناخەكانی كە بڕیویەتی دیارە دژایەتیش كراوە بۆیە بە ناوەكانی غولاتی شیعە و باتنی و عەلی ئیلاهی ناوزەدیان كردووە .

بەلای ئەزەوە بابا تاهیری عوریان یەكێكە لە شاعیرانی شێوەزاری (گۆران)ی كوردی و تێكەڵاوییەك هەیە لە شیعرەكانیدا لە گەڵ شێوەی لوڕی و دیالیكتە ناوچەییەكانی دەوروبەری هەمەدان كە زۆرینەیان كوردن ، ئەوەی زیاتر وام لێدەكات زمانی شیعرەكانی بە گۆران بچوێنم ئەوەیە لە كتێبە پیرۆزەكانی یارسان زمانەكەی زۆر نزیكە لە دیاڵێكی گۆران بۆ خۆشم چاوم پێكەوتووە . هەروەكو شیعرەكانی (نالی)كە چەندین وشەی شێوەكانی زمانی كوردی لە خۆ گرتووە ، هەروەها زوربەی نووسەران لەسەر ئەو باوەڕەن كە دەسكاری شیعرەكانی بابا كراون و لەسەر دەقی خۆی نەماوە بە هۆی گۆڕینی وشەكانی (هەورامی – گۆران)ی چەندین سەدەی پێش ئێستامان و ((وحید دسگردی یەكێكە لەو نووسەرانەی كە چوارینەكانی بابا تاهیری لە چەند غەزەلێكدا بۆ چەند جارێك بڵاوكردوەتەوە ، بەچاو پیاخشاندنەوەیەك بەو دیوانانەدا ئەوەمان بۆ دەرئەكەوێ هەرچی وشەیەك بۆنی كوردی پێوەبێت گۆڕیویەتی و دەسكاری كردوە لە گەڵ ئەمەشدا لە زۆربەی وشە هەورامییەكان رزگاری نەبووەو وەكو خۆی دایناونەتەوە ، لە هەندێ شوێنیشدا كەمێ دەسكاری كردوون ، چونكە لە گەڵ وشە فارسیەكاندا لەیەك دەچن وەك (رو ، شەو ، بورە ، چەم ، زانی ، كی ، ئاما ، كەرد ، تە ، مەكە ، واتەی ، ویتەم ، ئاوێتە .. ) كردوویەتی بە (روز ، شب ، بیا ، چشم ، دانی ، كی ، ئایەد ، كیرد ، تو ، مكن ، گویم ، بینم ، ئامیختە )) (11)

كاك لوقمان لهۆنی ، كە لێكۆڵینەوەیەكی سەبارەت بە شیعرەكانی بابا تاهیر كردووە رای وایە كە بابا تاهیر سەر بە دیالیكتی گۆرانە و شیعرەكانی بە شیوازی هەورامی كۆن نووسیوەتەوە بۆ پاڵپشتی بۆچوونەكەش قسەی چەند نووسەرێكی نووسیوەتەوە لەوانە مامۆستا محەمەد ئەمین زەكی كە وتویەتی : زمانی بابا تاهیر هەمەدانی لوڕستانیە لە نێوان (هەمەدان )و (لوڕستان)دا ئەنواعی لەهجە هەیە ، بەڵام بابا تاهیر بە تەواوی لە هیچیان ناكات و لە گەڵ ئەوەشدا ئەشوبهێتە هەموویان ، وەبەكار هێنانی (رفتم)لەزمانی لوڕی ئەكات ، وشەی (واچ و قسەو كاركردن لە لەهجەی غروبی مەركەزی كوردی و وشەی (مكرو = ئەیكا ، مێ = دێت ، نام = ناو ، واچ = واتەی ) ئەشوبهێتە لەهجەی گۆران )) (12)

كاك (محسن بنى ويس على ) نووسيويەتى لە گۆڤارى بەيان دانيشتوانى گەڕەكى (بازاڕى بچوك ) لە شارى مەندەلى و گەڕەكى (قەلعە)ى شارى (بەدرە) بە شێوەزمانى(روسايى) دەدوێن وئەم زمانى (روسايى)يە دەگەڕێتەوە بۆ دياليكتى لوڕى . هەروەها زمانى شاعيرى ناودارى كورد بابا تاهيرى عوريانى نەمرەو ئەگەر تۆزێك جياوازى هەبێ ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دوورو درێژەى نێوان ئەم چەرخە و ئەو كاتەى باباى تيادا ژياوە ئەم دياليكتەى روسايى تا ئێستا كەس سەرنجى بۆ نەچووەو لێى نەكۆڵيوەتەوە تەنيا د . كاميل بەسير نەبێ لە كتێبەكەيدا (زمانى نەتەوايەتى كوردى) لاپەڕە(14) ئاماژەى بۆ كردووە ))(13) .

نووسەر هەندێ پەندى پێشينانى ئەو ناوچانەى بڵاو كردوەتەوە كە بەشێوەى رووسايى دەدوێن و وشەكانى پەندەكانيشى شيكردوەتەوە . كاتێ دەڕوانينە وشەكان دەبينين لەهەموو شێوەكانى تێدايە زياتريش شێوەى هەورامى گۆران بۆ نموونە (ئى = ئەم) ، (بدرار = برار ، دەربێنە ) ، (بز = بزن ، بزە ) ، (ميا = مەيۆ ، دێت ) ، ( موخورە = موهورە ، مومرو ، دەخوات ) ، ( پا = پێ) ، (بگيرە= بگرە ) ، ( جاگە = ياگە ، يانگە = جێگە ) ، ( ميكەنە = مەكەنى ،هەڵدەكەنێ ) ، ( دم = كلك ) وەرداره = هەلگرە ) .

شەرفخانى بەدليسى لە شەرەفنامەدا وتوويەتى كوردەكان لە رووى زمان و بارى كۆمەلأيەتييەوە دەبنە چوار بەشەوە 1 – كرمانج 2 – لوڕ 3 – كەلهور 4 – گۆران (14) ، ديارە ئەم چوار شێوە سەرەكيانەى زمانى كوردى زۆر لەيەكەوە نزيكن بۆيە بوونەتە بەشێك لە زمانى كوردى ، ئەم لقە سەرەكييانەش چەندين شێوەزارى ناوچەيى خۆيان هەيە . واتە لوڕى و هەورامى – گۆران زۆر لێكەوە نزيكيايەتى فۆنەتيكيان هەيە ، لە گۆڤارى كاروان نووسەر يوسف رەئوف ئەڵێ شيعرەكانى بابا تاهير بە دياليكتى لوڕى كوردييە ، وەلەبەر ئەوەى مێژووى ئەدەبياتمان لەو كۆنتر ، ناوو بەرهەمى شاعيرى ترى تۆمار نەكردووە ، بۆيە دەبێت ئەوە بسەلمێنين كە دياليكتى لوڕى يەكەم دياليكتێكى كوردييە پەلى بۆ ئەوە هاويشتتبێ كە ببێتە زمانى يەكگرتووى ئەدەبيات لە كوردستاندا )) (15)

ديارە بەلاى ئێمەى كوردەوە گرنگ نييە لوڕ بێ يا گۆران زمانى ئەو شيعرانە ، گرنگ ئەوەيە بابا تاهير كوردێكى سەر بە يارسانە و سەرچاوەى بيرو ئەنديشەكانى لە چوار چێوەى خۆشەويستى و عەشقى خوايى مەييوون . بەلأم با راستيەكيش باس بكەين ئەگەر بێتو بۆمان دەركەوت كە بالوولى ديوانە پێش بابا تاهيرشيعرى بە دياليكتى (گۆران)ى زمانى كوردى دانابێت كە ئەمەيش بمانەوێ و نەمانەوێ زاتێكى سەر بە گرۆى يارسانەكانى ناوچەكانى زاگرۆسە لەسەدەى دووەمى كۆچى هۆنراوەى ئايينى وتووە و گەيشتووەتە (داڵەهۆ)ى كوردستان كە رەنجوورى شاعير 200 ساڵ پێش ئێستا باسى كردوەو وتويەتى :

((يا بارەگەى (باڵوول)هەردەى (داڵەهۆ)

يا عومەر گودروون ماوا گودروون كۆ )) (16)

ديسان شاعير عەبدوڵلاّ حەسەن كە شاعيرێكى كوردەو ئەمين زەكى بەگ لە مێژووى كوردوكوردستانەكەيدا ناوى هێناوە ، لە پارچە شيعريكدا كە بۆ خاڵۆى كۆماسى نووسيوە و كاك محەمەدى مەلا كەريم ساغيكردوەتەوە كە بۆ مێژووى 1877 ز دەگەڕێتەوە و لە كەشكۆڵێكى كتێبخانەى شێخ محەمەدى خاڵ دەريهێناوەو بڵاوى كردوەتەوە لە پاشكۆى رۆژنامەى عێراق ، لەو شيعرەدا باسى بالوول و داڵەهۆ هاتووە :

"(بەنى گەز)رەنگين هوونى جەرگمەن
(داڵەهۆ) خەرێك شينى مەرگمەن
هەر ئەوەن ناڵام وە داخ تۆوە
(بالوول) عاجز بى وە (داڵەهۆ)وە "

.جگە لەو سەرچاوە ئاينيانەى يارسانەكان . هەروەها زاتێكى ترى يارسانەكان بە ناوى مير خەسرەو لوڕستانى . ئەمەيان بەزمانى لوڕى دەدوێ لەسەردەمى سوڵتان ئيسحاقى بەرزنجيدا شێوەى زمانەكەى بە ئاشكرا لوڕييە و

ئەوانەی گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەن بە زمانی لوڕی هاتوونەتە ئاخاوتن . ئێمە بە هۆی دواکەوتن و داگیرکردنی خاك و ولاْتمان لە لایەن فارس و تورك عەرەب ، نەمانتوانیووە بەراستی مێژووی ئەدەب و ئایینی خۆمان و کوردستان بنووسینەوە یاخود بدرکێنیین ئەز واچاوەروان دەکەم پاش 20 ساڵێك گەلێك هەقیقەت هەن وەك عێلێ بەگی جاف سینە صاف وتوویەتی ئاشکرا دەبێ ، کوردان و هاوسێیەکانی گەلێ زانیاری تازەیان دەست دەکەوێت لەبارەی ناوچەکەوە کە بە هزری کەسدا ناڕوات . گەلێ کەس لە لێکۆڵەران و نووسەران لە نووسینەکانیان پەژیوان دەبنەوە . یەکێکی وەك دکتۆر سدیق بۆرەکەیی خۆی بە لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی بەرهەمی یارسانەوە بۆ چەندین ساڵە خەریك کردووە ، کەچی زاتێکی وەك سەید حەبیب شاە کوڕی سوڵتانی ئیسحاقی کردووە بە خانمێکی ئەم یارسانە و خەڵکانیش وەکو سەرچاوە بە ئافرەت تێگەیشتوون پسپۆری چۆن وا دەبێت ! خانمێك بە ناوی بەیان محەمەد لە گۆڤاری بانەرۆژ بابەتێکی لە ژێر ناونیشانی (ژنانی زاناو ئەدیبی کورد) لە فارسییەوە گۆڕیوەتە کوردی لە لاپەڕە(54) کاتێ دێتە سەر باسی ناودارێکی پیاوی یارسان نووسیویە ((شێخە حبیبە شە : ئەم شێخە یەکێکە لە گەورە یارانی یارسان و کچی شێخ صدرالدینی شارەزوورییە و ساڵی 681 لە گوندی (یاوا)لە دەڤەری شارەزوور چاوی هەڵهێناوە ... )) (17)

هەر بۆ ئاماژە پێکردن کاك(فەهمی کاکەیی)یش کە خۆی کاکەییەو کەوتووەتە هەڵەیەکی زەقەوە نووسیویە{((حەبیب شە))خاتوونە بەشیری کچی میر خەسرەوی لوڕستان و مەحرەمی سوڵتان سەهاك بووە )) } (18)

وەك وتمان سەید حەبیب شاە کوڕی سوڵتان ئیسحاقە و نەچووەتە دنیا واتە ژن و ماڵ ومنداڵی نییە . خاتوونە بەشیرەیش راستە مەحرەمی سوڵتانە واتە دەبێتە دایکی سەید حەبیب شاە . زۆربەی نووسەران (بیبی فاتیمە – ڤاتمە لورە)یان کردوەتە خۆشەویستی بابا تاهیر ، کەچی ئەم خانمە خوشکی ئەوە هەموو یارسانەکان ئەم راستیە دەزانن . د . عیزەدین مستەفا ئەڵێ محەمەد ئەمین زەکی لە گۆڤاری گەلاوێژدا بەتایبەتی دەچێتەوە سەر باسی بابە تاهیرو لە گۆشەی (کوردی بەناو بانگ )دا باسێکی چوار لاپەڕەیی بۆ تەرخان ئەکا . لەوێدا یەکەم کوردە کە باسی کتێبی(راحة الصدور)دەکاو زانیارێکانی بە راست نازانێ . هەروەك ناوی کۆمەڵێ سەرچاوەی رۆژهەلاْتناسانی بردووە کە باسی بابە تایەریان کردووە ، یەکەم سەرچاوەی کوردیشە کە (بیبی فاتیمە)بە خوشکی بابا تاهیر دەزانێ بە خۆشەویستی دانانێت (19) .

تۆمابوا : لە کتێبەکەیدا (مع الاکراد)وەرگێرانی ئاواز زەنگنە دەنووسێ : رێبازی ئەهلی هەق لە لوڕستان پەیدا بوو ، لە نیوەی سەدەی یازدە لە رێگای موبارەك شاە بابا خۆشینەوە ئەم رێبازە هێنراوەتە ناوچەی(شارەزوور – هەورامان)و کەتوانی ئافرەتێك بهێنێتە ناو حەوت کەس لە پێڕەوانی خۆی ، ئەویش فاتیمەی هەیفای خوشکی شاعیری ناسراو (بابا تاهیری هەمەدانی 935 – 1010)بوو (20)

د. محەمەد نوری عارف لە کتێبی(وشەو زاراوەکانی بابا تاهیرو بەراورد کردنیان لە گەڵ شێوەکانی زمانی کوردیدا )لەبەشی دەسنووسە چوارینەکانی بابا تاهیر ل 19 نووسیویە ((گەلێ دەسنووسی دوو بەیتییەکانی بابا تاهیر لە کتێبخانەکانی ئاسیاو ئەوروپا بە تایبەتی لە ئێران و هیندستاندا لە گەڵ کتێب و نووسراوی تر ، یا بە شێوەی سەربەخۆ دەست ئەکەون ، کە هەریەکێ لەوانە ، کۆمەڵە چوارینەکانی بابا تاهیری تێدایە کە بەشی زۆریان ساڵی نووسین و ناوی نووسەرەکەی لەسەر نییەو لێکۆڵینەوە لەو هەموو دەسنووسانە لە وزەی ئەم پێشەکییە بەدەرەو شایانی کتێبێکی سەربەخۆیە ، بەلاْم هەندێ لە دەسنووسە باشەکانی چوارینەکانی بابا تاهیری هەمەدانی بەپێی بایەخ پێدانیان ، ئەمانەی خوارەوەن :

1 – دەسنووسی کتێبخانەی زانستگای (توبینگن)ی ئەڵمانیا Tubingen کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێ لە چوارینەکانی بابا تاهیر و کورتە ژیانێکی ئەو ، ئەم دەسنووسە بە پێی قسەی دکتۆر (ئەصغەر کازمی)کە دوو ساڵ لە زانستگای

توبینگن بووه ، شەست(60)لاپەڕەیەو ساڵی ڕێکخستنی و کۆکردنەوەی ئەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری سەردەمی بابا تاهیر .)) (21)

بەچنگ خستنی ئەم دەسنووسەی دکتۆر محەمەد باسی دەکات ڕەنگە بتوانیین شێوەزاری بابا تاهیر بناسینەوە ، هەروەها ڕاستی ئەو شیعرانەی دەستکاری کراون بۆمان دەردەکەوێ .

چوارینەکانی باباو فەلسەفەی یارسان :

لەم بەشەدا بە پێویستم زانی خۆم لەو شیعرانەی بابا تاهیر هەڵبژێرم کە بۆنی فەلسەفەی یارسانە حەقەکانی کاکەییانی تێدا بەرجەستە دەبێ بیاندەمە بەر سەرنج و لێکدانەوە ، دەبێ ئەوەش بڵێم کەم کەس هەبووە خۆی لە قەرەی ئەم بۆچوونە دابێ . لەو نووسینانەی بەرچاوم کەوتبێ نووسینەکانی دکتۆر مارف خەزنەدارە لەم بوارەدا هەنگاوی ڕاستی ناوە ئامانجی پێکاوە بۆیە لێکۆڵەرانی کورد دەبێ ئاماژەی بۆ بکەن . ئەم چوارینانەی بابا سوودگەلێکی ئایینی و یارساکان لە سنگیانی دەکەن و لە کۆڕو کۆبوونەوەی ئاینیدا زۆر جار بە لێدانی ئاڵەتی سازەوە دەوترێنەوە ، بابا تاهیر دیالیکتی گۆرانی زانیوە و ڕەنگە تێکەڵ بە لوڕی کردبێ ، بەڵام پێرەویانی یارسانی ئەو قسانەی ئەو پیرۆز رادەگرن و بە وتەو شیعری باتنی – خودایی دەزانن . دکتۆر مارف ئەڵێ : جگە لەوە بەڵگەی دیکەوە بەدەستەوە هەیە کە بابا تاهیر شیعری بە گەلێ دیالێکتی تێکەلاوی کوردی وتووە ، لەم لایەنەوە لەسەرەتای ساڵی 1968 کارگەی زانستی لە بەشی کوردناسی لقی ڕۆژهەلاتناسی ئەکادیمیەی زانستی ئەرمەنستان گورگین ئاکووپۆڤ هاتبووە شاری سانت پیترسبورگ(لینینگرادی ئەوسا) . لە بارەی بابا تاهیرەوە ئەمەی بۆ گێڕامەوە : (( لە ساڵی 1943 ڕۆژێکیان لە تاران لە گەڵ ڕەشید یاسەمی دانیشتبووین ، سەدری قازیش لەوێبوو ، باس هاتەسەر باسی بابا تاهیر ، یاسەمی دێرە شیعرێکی بابا تاهیری خوێندەوە کە گوایە ئەویش لە کابرایێکی پیری بیستووە ، دێرە شیعرەکە ئەوەیە (( کی گوتی ك نینە ل دونیادا راز – ئەڤ ك من شەیدایی تایەم ئەو راز نینە ؟)) واتە کێ دەڵێ کە لە دونیادا ڕاستی نییە ، ئایا ئەوە ڕاستی نییە کە من شەیدای تۆم . لە ئاکووپۆڤم پرسی : ئەی نەتووت بۆچ ئەم دێرە شیعرەی بابا تاهیریان نەخستووەتە ناو دیوانەکەیەوە ؟ وتی : نا لەبەر ئەوەی بابا تاهیر پایەو پلەی بەرزی بووە لای یارسانان ، هەندێ لە دوو بەیتەکانی بۆ پیرۆزی لە پەراوێزی دەسنووسی کتێبی ئایینی سەرەنجامدا دۆزیوەتەوە ، هاورێکانیشی لە یارساتانی ئەهلی هەق سی و یەك دووبەیتی تریان بۆی ڕەوانەکردووە )) (22)

ئێستا باتێکرا بچینە ناو گوڵزاری ڕەنگاو ڕەنگی سوودە فەلسەفییەکانی باباوە :

((هەرکەس شاهەش تویی حالەش هەمینە
سەرینەش خشت و بالینەش زەمینە
جورموم ئینەست کە تە دۆست داروم
هەرکەس دۆستەش تویی حالەش چونینە ))

شاخۆشین کاتێ ڕوو دەکاتە شاری هەمەدان بۆ گرێدانی پەیمانی پێشووی نێوان خۆی و ڕێڕەوانی یارسان کە شاخۆشین ڕوحێکی بەرجەستەبووی نورانییە ، بابا تاهیریش لە گەڵ خوشکە پەرییە خواناسەکەی دەمێکە چاوەڕوانی هاتنی ئەون و بەدوایدا وێڵن وژیانێکی پڕ لە مەینەتی و ناهەمواری بەسەر دەبەن ، بە هۆی خواپەرستییانەوە دەستیان لە ماڵی دونیا شۆریوە ، وەك دەڵێن ئەوان عاشقی جەماڵی یەزدان بوون ، لە ماڵەکەیاندا بە بابا و خوشکەکەیەوە یەك عابایەکیان هەبووە بۆ خۆداپۆشین لە کاتی دەرچوونی یەکێکیان بۆ کاری پێویست ، کە میوانێك هاتبایە لای بابا دەبوایە فاتمەی خۆشکی بچێتە ناو تەندورەکەوە لەبەر بێ پۆشتەیی و نەبوونی عابای پێویست بۆ خۆداپۆشینی ، یەك مەنجەڵ و دەستشۆر و مەسینەیەکیان شك بردووە لە ماڵی دونیا . کە شاخۆشینیش دەبێتە میوانی بابا و هەندێ لە یارانی و خەڵکی هەمەدانیش لە گەڵیدا دەبێ ، بۆیە بابا بە فاتیمەی خوشکی دەڵێ ئەو مەنجەڵە بخەرە سەر ئاگرو برێك برنجیان بۆ لێنە ، شاخۆشین بۆ خۆی ئاگای لەم کەین و بەینە دەبێ و بە بابا

دەڵێ گوزەرانت چۆنە ، ئەویش دەڵێ ، مـن دەمێکـە چاوەڕوانی تـۆم و عوریـان و دەسـت کـورت و نـەدارم ، مـن چـاك دەزانم کەسێ تۆ شای بی دەبێ حاڵەکەی بـەم جـۆرە بـێ ، سـەرینی لـە خـشت بـێ و زەویـش رایـەخی . گونـاهی مـن ئەوەیە کە تۆی دۆستم ، چاك دەزانم ئەوی تۆ دۆستی بی دەبێ حاڵەکەی بەم جۆرە بێ !

پاش ئەوەی شاخۆشین گوێبیستی ئەم وتانەی بابا بـوو ، پـەردەی چـاوی بابـای لابـردو هـەموو گـەنج و مـاڵی دونیـای هێنایە پێش چاو باباو پێی وت ئەوەی ئارەزووی دلاّنە بۆ خۆتی بەرە ، لێرەدا بابا سـەردەنوێنی و دەڵێ لـیم مـەگرە مـن بـەرز دەڕۆم مـن پێویـستیم تـەنیا بـە جـەماڵی تۆیـە و پەشـیمانم . بابـا بـە هـۆی دورکەوتنـەوەی لـە دڵداری راستەقینەی وەك مەجنوون بۆ لەیلاو فەرهاد بۆ شیرین عەوداڵی کێوو دەشت و پێویستی بە ماڵی دونیا نییە چونکە رۆحێ لە گەشت و گەڕاندایە و با لەم لەشەی کە گیرۆدەی بووە ، برسی و رووتەڵەو بـێ لەنگـەر بـەردێکی رەق وتـەق سەرینی بێ ، ئەو بەهەڵهاتنی شەوقی پاکی مەعشوقی و کەوتنە سەر زەوی تیشکی ئەو خـۆرە جوانـە ، ئامادەیـە ئـەو خاکو خۆڵە پیرۆزە بخوات و بەزمان بیلێسێتەوە .

((موو ئان رەندم کە نامم بی قەلەندەر
نەخوون دێروم نەموون دێروم نەلەنگەر
چو رۆج ئایۆ بگەردوم گەردی گێتی
چوشەو ئایۆ بە خشتی وانە هەم سەر))

ئینجا ئەگەر سەیری پلەو پایەی بەرزی خواناسی ئەم زاتە فەنا بووەی ناو عەشقی خوایی بکەین ، دەبیـنین ئـەو لـە کوورەی هەقیقەتدا قاڵ دراوە ، ئەو لـە گـەل یـاری خۆشەویـستی ئاوێتـەی بـۆن وبەرامـەی یـەك بوونـە ، ئـەو یەکـەو یەکیش نیە ، ئەو هەقەو هەقیش نییە نەخێر ئەو بازی بەرزەفڕی خواناسانەو بـەلاّم شـای بـازان کردگـار نییـە کـە هەموو بازان بۆی دەچن ، ئەو راوکەری موریدانی خواناسە ، ئەوانەی رۆژێك لە رۆژان روحەکانیان یەکتریان دەناسی و شەرت و پەیمانی رۆژ قالۆ بەلاّیان بەست کە هەموو کرنۆش بۆ دڵداری راستەقینەیان بەرن لەو زیاتر کەس شایانی ئەو کرنۆشە نییـە ، لـە کێـوە سـەختەکاندا لانـەو هێلانـە ببەسـتن بـە نهێنی بیکەنـە پەرستگای خواپەرستی ، ئـەو نهێنییەی کە هەموو کەسێ پێی ناگات .

(( ئەز ئان ئەسپیدە بازم هەمەدانی
بە تەنهایی کەروم نەچیرەوانی
هەمە بە منەو دیرەند چەرخ و شاهین
بە نام من کەرند نەچیرەوانی ))

بابا باسی زەمەنێك دەکات کە بە (ئەلەست)ناسراوەو تێیدا قالوبەلا هاتووەتە وجود قاڵ : کردگـارەو روحیانەتـەکانی خولْقاندوە ، خۆی پێشانیان دەدات کە ئەو زاتی یەکانەیەو بەدیهێنـەری هـەموو روحەکانـەو ئـەوە شـایانی پەرسـتن ، رۆحەکانیش ملکەچی دەبن و بە بەڵێ وەلاّم دەدەنەوە ، ئـەم شـەرت و پەیمانـە نـابێ چـرکەیەك فـەرامۆش بکـرێ ، ئەو لەمە بەدوا گیرۆدەی تەن و لەشیان دەکات و دەبێ خۆیان لە گوناه و تاوان و تەشویش بە دوور بگرن ، رازی بـن بە بەشو بەراتیان ، سەرسمی رێگای سـەختی خواناسـی نـەدەن ، هەگبـەی رێـی رێبـواری خۆیـان پـڕ لـە زادی چاکەو کرداری پوختە بکـەن چونکە بانـەڕۆژ دەسـت نەکەنـە گریـان و پاڕانـەوەی بێـسوود ، کردگـار تاقیتـان دەکاتـەوە لـەم بەرگەی مرۆڤانەیە باری خۆتان بە گوناه بارمەکەن . دیارە مرۆڤیش لەم جەسـتەیەدا کـە خـوێن و گۆشـتە و روحـی تێدا گیرۆدەیە ، بێ هەڵە و تاوان و گوناه نابێ بۆیە بابا پڕ بەدەم دەڵێ گوناهبارم و بارکراوم بە گوناه .

((موو ئەز ڤالووبەلا تەشویش دێروم
گوناه ئەز بەرگی داروون پیش دێروم
چوو فەردا نوومە خوونون نوومە خووتن

موو دەرکەف نوومە سەردە پیش دێروم ))

بابا لە زەمەن و جێگەیەکدا یاری نادیاری خۆی دیوە ، شوێنێك بووە لە هیچ شوێنانێك ناچێ ، ئەو زاتە (دوڕ) بووەو ، پێش دروست بوونی ئەرزو دەریاو مانگ و خۆر ئەوی ناسیوەو پەرستویەتی دەستی لە دامێنی ئەو (یار)ە گیر کردووە ، دەسا دوڕ یارەو یاریش مەولای دەروێشانە و شای شابازانە ، پەڕوپاڵیش هێمایە بۆ حەزرەتی جیبریل : د. مارف جوانی بۆ چووە ئەڵێ لەم دوو بەیتەدا بابا تاهیر باس لە (گیان)(یار)دەکا ، ئەمە زۆرپێش دروستکردنی گێتی کەوتووە ، بەپێی (سەرەنجام) لەپێشانا هیچ هەبوو ، گێتی زەریابوو ، دوڕێك لەسەردەریا دەسوڕایەوە ، خودا دوڕەکەی لەناوبرد ، لە ئەنجاما دووکەڵ بڵند بوو و ئاسمانی دروست کرد ، ئینجا ئەستێرەی بەرزکردەوە ، لە پاشانا ژمارەی ئەو (یاران)ەی دیاریکرد ، ئینجا لە روناکی خۆی مانگ و خۆرو شەورۆژی دروستکرد . شاعیر لەم دوو بەیتەدا هەمیشەیی(موتڵەق)دەخاتەروو ، کە (گیان) هەبوو ، هێشتا (مادده) نەبوو کە (دوڕ)و(رۆژ)و(یار)هەبوو هێشتا گێتی دروست نەبوو بوو .)) (23)

بابا بەو قسانەیدا دیارە کە گەلێ لە بارەگای یەزدان نزیك بووە ، ئەو خۆی دەباتە پێش پەرییەکانی خودا کە لە دەرباری خەریکی ملکەچی و بەندەیی و خواپەرستی بووە . بۆیە لە چەند دێرێکی خواناسانەیدا پڕ بەدەم بانگی گلەو گازندەی لێبەرز دەبێتەوە و ئەڵێ خودایە من شەورۆژ عەشقی خۆشەویستیت بۆ دەبارێنم ، کەچی بێگانەی مایە دڕك لیم تێناگەن کە من یارسانیم و خۆشیان ناوێم تانەوتەشەرم لێدەگرن و سنگی پاکم کە مایەی خەزێنەی هەقیقەتە بە قسەی ساردو سوکیان بریندار دەکەن و گوناهیشم ئەوەیە تۆم خۆش ئەوێ و تۆ پەرستم ئەی یار .

((یاکە ئەژ میهری تەم دەمی زەد ئەی یار

خوێش و بێگانەکان سنگم زەد ئەی یار

جورموم ئینە کە ئەژ تە دوست داروم

نەخوونم کەرد و نە راهی زەد ئەی یار ))

دێڕی چوارەم (نەخوونم کەرد)هێماو ئاماژەیە بۆ کوشتنی ئیمام حوسێن و (نەراهی زەد)یش ئاماژەیە بۆ رێگە گرتن لە پێغەمبەر(د.خ.)پەیکوڵ وەشاندن بۆ ژێر پێی لەلایەن گومڕاکان خۆشەویستانی خوا کاتێ سەرمەستی بادەی دەستی ئەلەستی دەبن بۆ چرکە ساتێکیش بێ دەست دەکەنە هەڵچوون و ورێنە ، باباش کە هەمیشە مەستە و لە دەریای خواناسیدا گەمی نقوم – نغرۆ بووە . دەم لە رەخنەی بە ئەدەب دەدات و بە خۆشەویستی دەڵێ ئەم جیاوازی چینایەتییەی ناو کۆمەڵگای مرۆڤت بۆ دروست کرد ، کە بە کەسانێ نیعمەتی خۆت دەبەخشی ، ئەوانە سفڵەو بێ نمەکن و دەستی هەژاران ناگرن نانی جۆ نادەن بە هەژارێك کە بەو نانە لە مردن رزگار دەبێ ، ئەمان چونکە لە بەخشندەیی تۆ تێنەگەیشتوون کە رزقی باش وخراپ دڕك و گوڵ دەدەیت و سفرەی رازاوەت کراوەیە بۆیە وا قەدری ئەو نیعمەتە نازانن کە تۆ پێیانت بەخشیوە :

((ئەگەر دەستم رەسەد بەر چەرخی گەردوون

ئەزان پەرسەم کە ئین چوو نەست و ئان چوون

یەکی ڕا دەدەی سەد نازو نیعمەت

یەکی ڕا قورس جو ئالوودە دەرخوون ))

وتەکانی بابا فەلسەفی و تەعبیر لە بیروباوەڕی ئەو ئایینە دەکات کە لە بناری چیاکانی زاگروسدا بە ناوی (دین یار) کە پاشان بووەتە یارسان و ئەهل هەق دەرکەوت و بنەماکانیشی زیاتر وەك فەلسەفەی سۆفیزم و دەروێشان و رازو نیازگەلێکی نهێن ئامێزی لەخۆ گرتووە ، لەبەر ئەوە قسەکانی باباش لەژێر پەردەی نهێنێ و بەکار هێنانی هێماو تەڵەسووم ، بیروباوەڕی خۆی دەربڕیوە ، بیروبۆچوونەکانی بابا ئاوێنەیەکی بێگەردی شیعرە هەقیقەتەکانی ئەون لە ناو ئەو ئاوێنەیەدا یەزدان دەبینێ و گفتوگۆی لەگەڵدا ساز دەکات و هەندێ جاریش جەسارەتی بەسەردا دەکات و

پرسیارگەلێکی گەورە دەوروژێنێ ، بابا دەروێشێکی وەلی بووەو پلەکانی شهودو حزورو پرتەوی تەجەللی زات خوایی لێشاوی بۆ هێناوە ، یاخۆد یەکێك بووە لە ئەهلی تەسەوف و ئارەزووی ئەم دەروێش و سۆفییانەی یارسان زیاتر بریتی بووە لە گەیشتن بە دیداری هەق و تێیدا توانەوەو یەکانگیر بوون و پەردەی سڕی چاویان لابراوە ، خۆشەویستی راستەقینەی بابا خودا خۆیەتی و بەس کەف وکوڵی عەشقی دانامرکێتەوە تەنیا بە توانەوە نەبێ لەناو نوری جەماڵی ئەودا نەبێ ، بابا شەیدای بارەگای حەقەو ئەو عەشقە پیرۆزە هەوێنی دڵی شەیدای بارەگای حەقەو باوەڕی بە لەش داماڵینەو فەنابوونە ، بەبای گیانیش – روح جاویدو نەمرە ، ئەم ڕێگایەکی گرتووتەبەر کەمکەس ئەتوانێ ئەو ڕێگایە ببڕێت و دەست نەکاتە ناڵین ، ئەو هەگبەی ڕێی ڕێبواری کردوەتە مل و گەیشتووەتە مەڵبەندی ((وطن))لەش و گیانی خۆی داماڵیوە ، دەستی لە( بای گیان - روح )شۆریوەو چووەتە صەفی مێردانی خاس و پەروانەی شەمی راستەقینەیەو گڕو تاوی سەندوە ، عاشقە و ئەسپی عەشقی بە عەشقی خوایی جڵەو کردووە ، ئەو لە شەربەتی (مەولا – خوا )ی نۆشیوە بە دەستی ساقی و هەموو نهێنییەکانی بۆ دەرکەوتووە . چونکە مەستی بادەی (ئەلەست)بووە و سەرسمی لەم ڕێگایەدا نەداوەو وریای ڕێگای سەختی هەردوهەڵەتی دەروێشانە ، بەلاَنۆشەو دەست لە گیان ماڵ و حاڵی خۆی بەرداوە و روی کردوەتە جەماڵی پاکی خوا ، توێشەی رای سەفەری بە کۆڵیدا داوەو ئەو هەنگاو بەرەو دیوانی مەولای ناوەو بەڵکو بە لوتف و کەرەمی خۆی پەردەی سەر ڕوومەتی لە سەر جەماڵی جوانی بۆ شەوقی دڵی لابەرێ و چەشنی مرۆی تینوو بۆ ئاو ، یان عاشق بۆ مەعشوق تا دەست لەملانی دەبێ و دەچنە ((خووپێستی – بەرگ و شێوە ))ی یەکەوەو لەیەك دەئاڵێن ، بابا دەبێتە وێنەیەك لەوو ئەویش نییە ! بەلاَم ئەو شێوەو بەرگی چەندین بەرگی و دۆنی مێژینەی خۆی بیرکەوتووەتەوە ، هەرچی دیوەو بۆن کردوە ، خەلاَت وبەراتی خوایە و بەبەرەکەتە ، نابێ باسی ئەم نهێنیانەی نێوان خۆی و مەعشوقی بگێڕێتەوە ، دەبێ سرپۆش بێ ورازی دڵ نەدرکێنێ ، چونکە بابا چووەتە ناو بێستان و بەهشت خوایی و هەرچی بۆن و تام کردوە ، کەس بەو تاموو بۆنە نازانێ گەرهاتوو خۆیشی باسی لێوە بکات ، ئەو کات دەکەوێتە هەڵەوەو سەر لە خۆی تێکدەدات ، مامۆستا فەهمی کاکەیی ئەڵێ : (( سڕێك کە دەبێت لەلایەن خاوەن دلاَنەوە بپارێزرێت و بە پەنهانی بمێنێتەوە ، لە ناو کوردەواریدا بەو کەسانەی کە سڕیان قایمە دەگوترێت(سڕی سڕ کاکەییە)بە نیسبەت کاکەییشەوە نهێنی ئایینەکەی خۆیان نادرکێنن و لەو رۆژەوە ئەم ئایینە لە لایەن سوڵتان سەهاکەوە دامەزراوە تاکو ئەمڕۆ بە پەنهانی پارێزراوە . کاکەییەکان پێیان وایە ئەگەر نهێنییەکانی ئایینەکەیان فاش بکرێت ئیدی ئەرکان و بناغەکانی ئایینەکە تێکدەچێت و کرداریان خاو دەبێتەوە .. ئەگەر بابا تاهیر ئەم رازەی بۆ خەڵکی تر گێڕابێتەوە ، سەرنجام وا کەوتۆتەوە کە لەم چوارینەیەدا باسی دەکات: (24)

(( نەمیدانم کە رازم وا کە واژوم

غەم سۆزو گورازم را کە واژوم

چەواژوم هەر کە زونە بنگرە قاش

دیگەر رازو نیازم وا کە واژوم ))

دەسا دەروێش ، بەرزە فڕ مەفڕە با پەڕوپاڵت نەسووتێ ، سەر لە خۆت تێك مەدە ئەو زاتە کەسێکە کەس لە شێوەو ڕەنگی نییە ، راستە تۆ عاشقی رۆژی ئەزەلی و تاوو گڕت سەندووە . لە کوورەی هەقپەرستاندا جۆشدراوی ، بەلاَم عاشق چاك و خراپ کفرو ئیمان لە یەك جیاناکاتەوە ، مەجنوونی دەشت و بیابانی بۆ لەیلا ، فەرهادی سەنگ تاشی بۆ شیرین ، هۆش بێنە سەرخۆت و واتە کردارت تەرازوبکە ..بەندەیی و ملکەچی خۆت بنوێنە ، وەرەوە ژێر رەحمەتی مەولای دەروێشانی خاوەن کەرەم ، دەروێش تۆ خەرقەی پێست و شاڵ پۆشی ، کەنگێ بەرگی تۆ حەریرو ئەتڵەس بووگە ، ئەی تۆ نەبووی روحت لە حزوور بوو مەستی دیداری شای دەروێشان – شای بازان بووی و تێیدا توابوویەوە ، لە ناکاو چەشنی ((گۆ))کەوتیە بەر گۆچانی شا و فڕێ درایە ئەم کەوڵەوە . تۆ کردگارت ناسی وەختێ

زاتی ئەو لە (ظـەرف = جامە)ی دوڕ بوو ، کەس هاودەمی ئەو نەبوو جگە لە ڕۆحی فریشتەکان . خودای تـۆ نـوورەوە لە پێش چاوان بەڵام کەسانی شەمشەمەکوێرە ئاسا ئەو نابینن ، خۆ ئەگـەر بەراستی بڕوانیتـە روخساری خـۆت ، ئەو وێنەی لە تۆدایە لە تۆ خۆی جودا ناکاتەوە . ڕێی راستی یارت بگـرەو هەگبـەی ڕێی ڕێبواریـت لـە کرداری چـاك پرکە ، تـاکو لـە یارانـت دانـەبڕێی ، چونکە جیابوونـەوە لـە یـار سـەختە ، ئـەوەی دێتـە ئـەم بەرگـەی ئادەمـەوە بـۆ

ماوەیەك ، پاشان ئەو بـەرگ و کەوڵـە دادەکـەنێ و ملـی ڕێگای خـۆی دەگرێتەبـەر وادیـارە هـەزارو یـەك دۆنـی خـۆت بیرکەوتووەتەوە ، شەکراوی دەستی شای دەروێشانت نۆشیوە ، ئەمە پردەو دەبێ بەسەریا تیپەڕین ، بەڵام نەزانان لەم حاڵە تێناگەن ، ئەی یاران گوێ رادێرن مرۆی ئاشق لـە چەشـنی خـۆر گـڕی گرتـووە ، وای لـەو دڵـەی چەشـنی کـورەی ساردو سڕ کوژاوەتەوەو بێ گڕو تینە ، ئێوەڵڵا بۆ یارم — مەعشوقم کە ماوەی دام بە دیداری لە هەمەدان شاد ببمەوە شاخۆشینەو بارگەی بۆ لام هێناوە مـن 100 ساڵێکە چاوەڕوانی ئـەوم بـە دیـداری شـادبووم دەست لـە ملانـی یـەکتر بووینەوە بەو دیدارە من ویارم کەوتینە ناو یەك (شار — قالب و بـەرگ)وە ، مـن ئـەووم و ئـەویش منـە ، ئـەز سـەرم

سوڕماوە لەم یارە عەیاربازە ، منی دەروێش لە حاڵی خـۆم تێناگـەم ، تـەنیا ئەوەنـدە دەزانم هەرچـی بـە زمانمادێـت ، ئەو فێرم دەکات و زمانم دەخاتە گفتوگۆ ئەگەر زیادەڕەویشم کردبێ ، دەساکێ لە حـاڵی دەروێـش دەگـات و لـەم ئـاگر جۆشدانەی مەولام . بابـای عوریـان دەسـا تـۆ بـۆ ئـەم قسەو رازانـە بـۆ کەسـانی ناشـی و نـەزان دەدرکێنی کـە جـۆش نەدراوەن بە دەستی خاوەن کورەی حەقیقەت . خودایە گەر لێم بپرسی لە حاڵم ، دەڵێم مـن گوناهبـارکرام بـە هـۆی

گیر خواردنم لە قاڵبی باوە ئادەم و دایە حەواوە . ئەو رەنگاو رەنگانەی بەسەر بابادا دێت گواهی پلـەکانی خوانـاسینە لەبـەر ئـەوە درێـژە بـە قسان و رازی دڵان دەدات و ئـەڵێ هـیچ جیاوازییـەك بـەدی ناکـەم لـە نێـوان کابـەو بتخانـە و کەنشت ودێر ، چونکە پێکرا بـۆ مـن جیلوەگای خـوایی بـوون ، واتـە دەمـێ موسڵمانی ودەچیتە مزگـەوت و سـەر بـە زەویدا دەسووی ، دەمێکیش لە بەرگی گاوراندا و دەچیتە نێـو دەیـرو کەنـشتان و چەشـنی پیـاوانی رەبـەن و عوریـان ودونیا تەرك کردوو دەبێتە ئینجیل خوان — زەبور خوان , هۆی خەڵکینە بـا بـەجێ بـێڵین خۆشـیەکانی سـەرزەوی و بازاڕی ، با دەست لەم دونیای فانییـە بـەردەین و خۆمـان لـەم بەرگە (لاشـەی مـرۆڤ)رزگار کـەین و بـەرزەفڕ بفـڕین

بەرەو دۆستی هەمیشەیی ، وەك منی بابا دەست بکەنـە لاڵەو پاڕانـەوە ، دەم بـەگریان و چـاو بـە فرمێـسك بـۆ یـاری یاران ، ئەوەی لە یار دابڕێ وێڵۆئاوارە دەبێ و دەبێ ئازار بچێژێ گوایە نەتانبیستووە دۆست لە یاری خـۆی دانـەبڕێت و ئازارو ئەشکەنجە نەچێژێت لە ریـزی (یـاران) نایەتـە ئـەژمار . ئـەی مـەولای دەروێـشان ، خـوای گـەورە ، ئـەز وەك حوشتر خۆراکم دڕکی موغەیلانە کە لەبەر زبڕیی و دڕی کەر نایخوات ، جواڵی باریشم خەروارێکە بـە قـەد دوو بـار قورس و گرانە لەگەڵ ئەم خەرجە سووکە و بارە قورسەدا ، بەندە هێشتا شەرمەزاری پەروەردگاری خۆمم .

" هەندێ سرووتی بابا تاهیر بە شێوەی سۆرانی — و .رازی "

لەناو مەستانا مەست بم روم لە تۆیە
لە دێرا بتپەرست بم روم لە تۆیە
ئەگەر هیندو کافر بم یا موسڵمان
لەهەر جۆرە مەبەست بم روم لە تۆیە

⋆ ⋆ ⋆

خۆ تۆ نەتخوێندوە زانین تەواوی
لە گۆشەی ئەم وێرانەیە خزاوی
کە نەتزانی چۆنە سود و ژیانت
ناگەیتە پۆلی یاران و جێماوی

⋆ ⋆ ⋆

هەمە دڵێ وەك مەلی باڵ شكاوە
لەسەر لێوی كەشتی دەریا وێستاوە
ئەڵێ (تاهر) دەنگی سازت بۆ نایە
دەنگی چۆن بێ دەماری دڵ پساوە

★ ★ ★

روو بكەمە سەحرا وێنەت ئەبینم
بچمە ناو دەریا شێوەت ئەبینم
روو لە هەر كوێكەم ، چۆڵ و بیابان
شێوەی بێوێنەو هاوتا ئەبینم

★ ★ ★

من نازانم لە رازی دڵ چە بێژم
خەم و زوخاوی ناو دڵم برێژم
بڵێم چی من رەنگی زەردم دیارە
با ئەم رازو نیازە هەر بنێژم

★ ★ ★

زەمانە روت و عوریانی كردوم
دوژمن بێ ژین و ژیانی كردوم
خەنجەرێ بێنن سینەم هەڵدڕن
ئەبینن عێشق وێرانی كردوم

★ ★ ★

ئەوەندە مەستم نازانم سەر هەتا پێم
هەتا دولبەرەكەم نازانێ من كێم
دلآرامێ كە دڵ ئارام بگرێ لای
لەخوام ناوێ ساقی وكەوسەر بدا پێم

★ ★ ★

گوڵزار بە بێ تۆ وەك دڕكو دارە
لەگەڵ تۆ دڕك گوڵو گوڵزارە
هەر تۆ گوڵشەن و گوڵزاری منی
بۆ لاشەی مردوم (گیانی دوبارە)

★ ★ ★

دڵدار ناترسێ تووشی بەلآ بێ
گەر وەكو ( ئەییوب ) كرم تێیدا بێ
وەك( حەسەن )پیاڵەی ژەهری ئەنۆشی
یا ( حسێن ) ئاسا سەری بڕا بێ

★ ★ ★

تۆی دەردم ، تۆی دەرمانم ئەی یار

بۆ دیدارت چەند پەرێشانم   ئەی  یار
ئەگەر (پێستم)لە  (بەدەن)دا  دابماڵن
جیبیا نابێت عیشقت لە گیانم ئەی یار
★   ★   ★
(دڵدار)ی راستی لە گیان ناترسێ
هەرگیز لە ئێش ولێدان ناترسێ
دڵی  دڵداران  گورگی   برسییە
گورگ لە هەی هەی شوان ناترسێ
★   ★   ★
مەپرسە  بۆ چی وا بێ قەرارم
بە دیدە وێنەی لێزمەی بەهارم
ئەزانی بۆچی لە کێوو هەردم
لە عەشقی تۆیە بێ ئیختیارم
★   ★   ★
خۆشەویستم  دڵو   گیانم  لە لاتە
هەموو  ئاشکراو  پەنهانم  لە  لاتە
من نازانم کە ئەم دەردەم لە کوێ گرت ؟
بەلاٌم    ئەزانم  دەرمانم  لە   لاتە
★   ★   ★
لە دەس دڵداری ئاوایە ژینم
زەوی دۆشەکمە بەردە سەرینم
ژیانم وابێ دۆستم جۆری تر
لەم کەین وبەینە من چی ئەبینم
★   ★   ★
خولیای عێشقت وا لە ناو مۆخی سەرما
گڕی جوانیت وا لە ناخی جگەرما
بتی من کەعبەی من قیبلەی من
هەر تەنیا تۆی لە بەر بینی نەزەرما
★   ★   ★
هەموو کاتێ من شانازی ئەکەم پێت
(سەرم)ناوێ ئەگەر (نەخشێ)لە ژێر پێت
لە ناخی دڵ سوپاسگوزاری ئەوەم
لە رێگاو بان بە دڵ سلاٌو ئەکا لێت
★   ★   ★
هەردوو چاوم خوێنی تێزاوە   بۆ    تۆ
عەقڵ و  هۆشم ناوە  بەلاوە  بۆ    تۆ

ئەگەر( لەیلا)ی بپرسە حاڵی (مەجنون)
تەماشاکە وا بە سەحراوە بۆ تۆ
★ ★ ★
بە ئاهم گومەزی(خەضرا) ئەسوتێ
فەلەك یەکسەر لەسەر تا پا ئەسوتێ
بسوتێنم یاخۆ ئیشم ئەسازێ
چیە بڕیار ئەسازێ یان ئەسوتێ
★ ★ ★
فەلەك بۆچی منمت هێنایە بەرهەم
ڕەنگم زەردبێ جلی نیلی لە بەرکەم
ئەگەر بەخشندەی گیانم بکێشە
رزگارم کە لەدەس جەورو سزاو خەم
★ ★ ★
لە دنیادا نەبوو کەس وەکو من
لە دەریای دین مەلەوان بێ هەتا بن
بێ باوەڕان باوەڕ ناکەن بە حاڵم
من تا وابم من ئاوا بم منی ون
★ ★ ★

ـ سەرچاوەو پەراوێزەکان : ـ

1 – دەسنووسێکی تایبەتی خوالێخۆشبوو مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ .

2 – آيةالله مردوخ ، اصل الاسرة السنوية في العراق ، فصل من كتاب كرد لآية الله مردوخ في التأريخ ، تعريب واضافة وجمع و تعليق ، الاستاذ محمد جميل الروزبياني مطبعة وزارة الثقافة اربيل سنة 2000 ص 30 ، هەروەها بڕوانە گۆڤاری بەیان ژمارە (178)س 1996 ، ل 17 – 18 .

3 – بلاوکراوەی ڕۆڤار ژ (38)ی 2006/2/15 دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم ، بابا تاهیری عوریان د , مارف خەزنەدار ، ل 4 هەروەها ڕۆژنامەی هاوکاری ژ (1163)ڕۆژی 1990/3/22 پێدا چوونەوەیەکی فەلسەفییانە و سۆفیزمییانە بە هەندێ لە دوو بەیتەکانی بابا تاهیر ، د , مارف خەزنەدار .

4 – خاڵ ، شێخ محەمەد ، بابا تاهیری هەمەدانی ناسراو بە عوریان ، بلاوکراوەی ڕۆڤار ژ (38)ی 2006/2/15 ، ل 36 هەروەها گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا س 1977 .

5 – سەرچاوەی پێشوو ، ل 36 .

6 – هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 36 .

7 – ئەحمەد تاقانە ، بابا تاهیری هەمەدانی ، لە تورکییەوە وەرگێڕاوە ، گۆڤاری بەیان ژمارە (97) تەموزی 1984 ، ل 69 .

8 – د . مارف خەزنەدار ، بابا تاهیری عوریان ، بلاوکراوەی ڕۆڤار(38) ، ل 7 هەروەها ڕۆژنامەی هاوکاری ژ (1163) .

9 - هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 6 .

10 – سدیق بۆرەکەیی ، شەن وکەوێکی هەندێ دوو بەیتی بابا تاهیری هەمەدانی ، بلاوکراوەی ڕۆڤار (38) ، ل 52

.


11 – لوقمان لهۆنی ، بابا تاهیرو هەندێ بیروڕای نوێ ، گۆڤاری پەیڤین ژ (3) س 1998 ، ل 63 .

12 - هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 64 .

13 – محسن بنی ویس ، پەندی پێشینان لەزاری رووساییدا ، گۆڤاری بەیان ژ (111) س 1985 ، ل 71 .

14 – بەدلیسی ، شەرەفخان ، شەرەفنامە ، وەرگێڕنی هەژار س 1972 بەغدا ، ل 127 .

15 – یوسف رەئوف ، کورتەیەك دەربارەی لوڕ و لوڕستان ، گۆڤاری کاروان ژ (11) س 1983 ، ل 8 .

16 – محەمەد عەلی قەرەداغی ، دیوانی مەلا عومەری رەنجووری ، چاپخانەی آفاق عربية ، بەغدا 1982 .

17 – بەیان محەمەد ، ژنانی زاناو ئەدیبی کورد ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە ، گۆڤاری بانەرۆژ ژ(25) کانوونی یەکەمی 2005 .

18 – فەهمی کاکەیی ، بابا تاهیری عوریان ژیانی و لێکدانەوەی چەند چوارینەیەك لە شیعرەکانی ، گۆڤاری نەوشەفەق ژ (9) س 2003 ل 40 پەراوێزی (33) .

19 – د . عیزەدین مستەفا ، بابا تایەری عوریان دەربارەی ژیان و بەرهەمی ، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژ(125) بەهاری 1990 ، ل101 .

20 – تومابوا ، مع الاكراد ، ترجمه آواز زەنگنە ، مطبعة دار الجاحظ بغداد ، س 1975 .

21 – د . محەمەد نوری عارف ، وشەو زاراوەکانی بابا تاهیرو بەراورد کردنیان لە گەڵ شێوەکانی زمانی کوردیدا ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر س 1997 .

22 - د . مارف خەزنەدار ، بابا تاهیری عوریان ، رۆڤار ژ (38) ، ل 4 – 5 .

23 - هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 9 .

24 - فەهمی کاکەیی ، بابا تاهیری عوریان ژیانی گۆڤاری نەوشەفەق ژ (9) ل 35 .